# دلێرێك..!

# پاسی (قوون)ی خۆی پێنەكرێ..! چۆن پایتەختی هەرێمی كوردستانی پێ پاس دەكرێ..!؟

**رۆژنامەنوسێكی بێ دین**

**لەكوردەواری خۆماندا زۆر روخسارهەن پێچەوانەی ناوەرۆكن, زۆرجار ناونانی كەسێك مەبەستی پێكاوەولەگەڵ كەسایەتیەكەیدا هاوجووتوتەباهاتۆتەوە, لەم بارەیەوە عەرەبیش دەڵێت: ( اسم علی مسمی ) بەڵام جاری واش هەیە لە سەداسەد كەسی ناولێنراو شایستەی ئەوناوەنابێ كە پێی دەناسرێتەوە.**

**ئەوەش دەزانین لەناو كوردوعەرەباندا ناو شەریفی نا شەریف زۆروزەوەندن, بە ناو سالم وبەكرداریش شەڕانگێزوزاڵم لە زۆر شوێن سەروودڵت دەگرن وبەرپرسن, كارگێروبەڕێوەبەرو شتی موهیم تریشن, دیسان زۆرن ئەوانەی ناویان رەشید یان جوامێرە, بەڵام مرۆ بەزەیی بەزۆرییاندا دێتەوە چونكە لە ناو ئەم رەشیدوجوامێرانەدا ترسنۆكوبێ غیرەت كەمنین, پیاو هەیە هەتا درۆ وەستابێت ڕاستی ناڵێ كەچی ئەونەگبەتە ناوی صادقە! , هەروا دڵسخۆش ناویشم بینیوە, هەمیشە پاپۆڕی غەرق بووەو چارلی چاپلن هەتارۆژی قیامەت لەبەردەمی هەڵپەڕی لەنەرمە كۆكەیەكی زیاتری لێنابیستی, دڵدارناوێكم دەناسی نەزەری حەرامدەكردووزوو زوو خوشكەكەی داركاری دەكردو دەیگووت: شكدەكەم دڵداری هەبێت! ئەم ناتەبایەی جەوهەروناو ژنانیشی نەبواردووە, رووخۆش ناو دەناسم, كە سلاوێكت لێدەكات دەڵێی سەرانەی لێدەستێنن, ڕەسوڵی نادری هەتا ئێوارێ قسەی خۆشی بۆبكات, بزەیەكی نایەتە سەرلێوان, هەشە ناوی شیرینە بەڵام لەگەڵ دەرو دراوسێ ومالۆمێردی زەقنەبووتێكە بۆخۆی, ئەوە باواز لەو هەموو ناو بەختیاروشادوشادمان وئاشتی وئازادانە بێنین, كە بەهۆی ناعەدالەتی كۆمەڵایەتیەوە, دڵشكاوودڕدۆنگ وسەركزوناشادوسەركوتكراون, سەرتان نە یەشێنم ئەو شەوەی دانپیدانانی تاوانەكانی تیرۆرستە ئیسلامیەكانم بینی, برادەرێكی كۆمۆنیستم بیركەوتەوە كە لەزرگوێز ناسیم, وێرای ئەوەی ئەندامی حزبی كۆمۆنیستبوو, هەرلەبنەرەتەوە ئاینەئاسمانیەكانیشی ڕەتدەكردەوەوهەتا بلێی كوڕێكی هەڵكەووتوو مرۆڤدۆست بوو, كەچی عەجایەب !! ئەوكوڕەكۆمۆنیستەش ناوی (ماشاللّە)بوو! كە گرووپە نامەردەكەی شێخ زانام لەشاشەی تەلەفزیوونەوەبەو هەموو بێشعوری وتوندڕەوییەوە بینی, كردەوە جوانەكانی ماشاالله وحزبەكەیم هاتنە بەرچاوان, ئەمەش هەرلەسۆنگەی ناتەبایی ناوو جەوهەرەوەبوو, سەرۆكی گرووپەهینەكە حاجی وشێخ وناویشی زانابوو!! سندانم لە زانای وادا, چما لە شێخێكی نەفام ونەزان و نائینسان بەولاوە چیدی بوو؟؟ شتێكیش كەئەو زانیوێتی دورلەروی حازری جیهادوشتی عەیب بوو, ئەو موجاهیدەی كەناوی شێخ زانایە, ئەگەر عەدالەت لەنێوان ناووناوەرۆكدا هەبێت, دەبێ ئەو تیرۆرستە دووپێیە ناوی شێخ نەفام بێ, یەكێكی تر لەومەرگدۆستانە تا لوتكەی بەربەریەت خەریكی وێرانكردن وهەتك كردنی ژیان و خەڵكانێكە كە جەنابی تەكفیریان دەكات, لەكن ئەم موجاهیدەی سەردەمی عەولەمەش, كورد ووتەنی كوشتن وسەربرینی مرۆڤی لە ئاوخواردنەوە پێ ئاسانترە, كەچی ناوی (ئەژی) یە! بەڵام هیۆمانیستەكانی رۆژئاوا كە ئیسلامیەكان لەگۆترە ناوی كافریان لێناون, سەریان ببڕی گۆشتی ئاژەڵ و پەلەوەریش ناخۆن, ئەمە لەبەر ئەوەنا كەبێزیان نایە, بەڵكو لەبەرئەوەی ڕایان وایە ئەوگیاندارانەش هەقی ژیانیان هەیە, لەنێو ئەو دڕندانەدا كەناوی مرۆڤیان لێنراوەولە شاشەی تەلەفزیونەوە زۆر بە ئەعصاب سادریەوە باسی (دەست گەمەو)جیهادوسەربڕینی خەڵكی وقوندڕینی یەكتریان دەگێڕایەوە, ناوی دلێر لە هەمووان عەنتیكە تربووبەلامەوە, چونكە ئەو هەم لەناوو هەم لەكارەكەشیدا جیاوازی عاسمان وڕێسمان بوو, ئەو فقگ ناوی دلێربوو, دەنا دلێر نەبوو, هیندە بێخێربوو تەنانەت پارێزگاری لە پاشی خۆشی پێنەكراوەو(دەستگەمەی لە پێناوی موخابەراتی ئیسلامی بەكاری شەرعی زانیووە)خودایە ئەگەر ئەمە جیهادوكاری شەرعی بێت دەبێ كاری ناشەرعی چی بێ؟! كەچی سەیرەكەی لەوەدایە پارێزگاری شارێكیشی پێسپێردرابوو!! پلەو پایەی بڵندی لە بەرێوەبەرێتی ئاسایشی كوردستان هەبووە؟! ئەگەر ئەم (دلێروزانایانە..! ) موجاهیدوموسوڵمان بن, ئەدی مونافیق وكافرەكان كێن؟! ئەگەر نموونەی ئەمانە مسەرومالی هاوڵاتیان بپارێزن , ئەدی ئەوانەی وێرا نمان دەكەن كێن؟**